# داكۆكییكردن لە د.كەمال سەید قادر ، پرەنسیپێكی سیاسیی و مۆراڵییە !

خەتاب سایبر
30-10-2005

گرتن و زیندانییكردنی دكتۆر كەمال قادر، سەرەتایەكی سامناكە لە گۆڵمەزی دیمۆكراسیی و ئازادیی ڕۆژنامەگەریی كوردیدا كە حیزبە كوردییەكان بەگشتیی و هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بەتایبەتیی ، بە نرخێكی هەرزان بەگەلی كوردستانی دەفرۆشنەوە. سەرەڕای ئەوەی هەر كەموكوڕییەك لە نووسینەكانی د.كەمال قادردا هەبێ، یان وەك ئەوەی لایەنگرانی دەسەلاتی كوردیی دەڵێن ، بوختان و درۆو دەلەسەی دژی پارتیی و سەرۆكی هەرێمی كوردستان ( مەسعود بارزانیی ) كردووە، دەبێت دكتۆر كەمال هەموو هۆكارێكی بۆ دابین بكرێ بۆ داكۆكیكردن لەخۆی و مافی ئەوەیشی هەبێت كە تۆمەتەكان بخاتە دەستی تاوانبارەكانەوە .

ژیان و گیانی دكتۆركەمال ، پێویستە پارێزراو بێت و لەچوارچێوەی (یاسا)!!دا لێپێچینەوەی لەگەڵدا بكرێ .ئەگەر قسە لەسەر یاساش بكرێ، بەراستیی كام یاسا لەكوردستاندا هەیە !، ئایا ئەو یاسایەی لەكوردستاندا هەیە، یاسای دەسەڵاتی بەعس نییە؟. ئایا بەكام ستانداردی دادگا خەڵك دادگایی دەكەن، ئەوە جێگەی خۆیەتی ئەگەر د.كەمال تاوانی كردووە، بوختانی كردووە، با روون بكرێتەوەو بەئاشكرا شتەكان بە خەڵك بڵێن، دەبێ دكتۆر كەمالیش هەموو پێداویستە یاساییەكانی بۆ دەستەبەربكرێ و پێش هەموو شتێكیش ئازاد بكرێ ، چونكە لای كەم ئەو داوای لەسەر دەسەڵاتدارانی پارتیی نووسیوە پێشتر . نەك لەژێر سەرە نێزەی هێزەكانی ئاساییش و چەكمەبۆرەكانی حیزبدا بۆ چاڵە نووتەكەكانی حیزبی سەركردە ببرێت .

دكتۆر كەمال ، كەسێكی یاسازانە ، دكتۆرێكە لەبواری یاسای نێودەوڵەتییدا شارەزاییەكی باشی هەیە و مامۆستای زانكۆشە لە وڵاتی نەمسا . ئایا كورد چەند دەیان مامۆستاو پسپۆری وەك ئەوی هەیە، بەڕاستیی گەلی كورد تا خاوەنی سەدان هەزار دەروێشی حیزبیی بێت ، خاوەنی سەدان نووسەری قەڵەمفرۆش و ماستاوچیی بێت لەلایەك و لەلایەكەی تریشدا خاوەنی تەنها چەند دانە دكتۆرو پسپۆرو نووسەر وئاكادیمیست بێت كە بوێرن قسە بكەن و ئازابن بنووسن و لێهاتوو بن وەك دكتۆر كەمال تا دەست بنێنە سەر تاعوونی حیزب و گەندەڵییەكانی حكومەت و پیاوەكانی حیزب و ئەو كارەساتانەی حیزب بەسەر گەلی كورددا هێناویەتی، هەلومەرجی ڕۆشنبیریی كوردیی و ڕۆشنبیری كورد لەوە باشتر نابێت و ئازادییش لە جێی خۆی هەر دەبێ تەناش بكات .

دنیایەك ڕەخنەم لە نووسینەكانی دكتۆر كەمال و شێوازی نووسینەكانی و هەڵچوون و تووڕەبوونەكانی هەیە ( ئەوانەی لەسەرماڵی بارزانیی نووسیونی ) ،دنیایەك گومان لەپشت نووسینەكانییەوە هەیە، لێڵیی و نارۆشنیی و بە نووسینەكانییەوە هەیە . بەلام لەهەمان كاتیشدا دنیایەك ڕێزم بۆ ئازایەتییەكان وسەركێشییەكانی هەیە لەبەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیی و حیزبی

فەرمانڕەوادا . د.کەمال لەسەر ئەوە دزراوەو فڕێندراوە، کە بەگژی گەندەڵترین دەسەڵاتی سیاسیی سەر رووی زەمیندا چووەتەوە . بێ سەروشوێنکردنی نووسەرێکی یاساناس ، زەنگێکی سامناکەو تارمایی هەموو تێرۆرکردنەکانی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو دێنێتەوە پێش چاو، مەرگی رەئوف کامیل و نەزیرعومەر و بەکر عەلی و حەمەحەلاق ...هتد جارێکی تر بەچاوماندا دەدەنەوە. کوشتنی ئەو سەرکردانە دەهێننەوە بیرمان کە بە ( ئار بی جی ) کوژران ، تەنها لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی خێڵیان ڕەتدەکردەوە.

هەندێک پێیان وایە ، ئەو رووبەڕووبوونەوانەی دکتۆر کەمال لەگەڵ" پارتیی"دا پێوەندییەکی بە ئازارەکانی گەلی کورد و گەندەڵییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی کوردەوە نییە، یان کەمتر دەست دەخاتە سەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمانە هەمووی ڕەنگە تا رادەیەک لەجێی خۆیدا بێت، بەلام هەموو ئەمانە ناکاتە ئەوەی کە نووسەرانی کورد و ئەوانەی بۆ ئازادیی خەبات دەکەن، بێ دەنگیی هەڵبژێرن . بەڕاستیی ئەو قسانەی دکتۆر کەمال قادر دەیکردن، زۆر کەس ناوێرێ لە دڵی خۆیشیدا بیانکات . گومان لەوە دەکرا ، کە دکتۆر کەمال قادر شتی زۆر گەورەی لەپشتەوە بێت، بەڵام بەراستی وا دەرنەچوو.

دکتۆر کەمال ، تەنها بە فەرامۆشکردنی ئەو راستییانەی کە لەکوردستاندا کێ یاسا بەڕێوە دەبات ، کەوتە ئەم مەترسییەوە، ئەو وەک خۆکوژێک چووەوە بۆ هەولێر، بۆ بەردەم چەکمەبۆرەکانی حیزب . بەڵێ ئەم کارە خۆکوژییەی دکتۆر کەمال ، بەنرخی گیانی خۆی خەریکە تەواو دەبێت . پێچانەوەی کەسێک کە خاوەنی دوو دکتۆرا بێت ، هەڵگرێ سیتیزنێکی رۆژئاوایی بێت ، لەم رۆژگارەدا، جگە لە سەرەڕۆیی حیزب و دەسەلاتی عەشیرەتچێتیی حیزب و حوکم و عورفی مافیایی زێتر شتێکی تر نییە .

هەرچی پێوەندییشی بە تاکی کورد، رۆشنبیری کوردەوە هەیە ، چۆن دەبێت بێژی لەرابردووی ئەو مێژووە سەراپا ساختەکاریی و خیانەت و فرتوفێڵانە نەیاتەوە کە سەرکردە سیاسییەکانی کورد لەرابردوویەکی دوورو نزیکدا کردوویانە. تەزوو بە گیانی مرۆڤدا دێت کاتێک نووسەرانێک لەچەشنی مایکڵ گونتەر[1] ( Michael M. Gunter ) و دەیڤید ماکدۆوڵ[2] ( David McDowall ) و گارێس ستانسفیلد[3] ( Garethe R.V. Stansfield ) و زۆری تر ، مێژووی پڕ لەخوێن و خیانەت و ریسوایی و قوربانییەکانمان دەنووسنەوە . کەچیی بەداخەوە ئێستاش ، تا نووسەرێکی کورد پەیدا دەبێ رەخنە لەدەسەڵات و گەندەڵیی حکومەتی هەرێم و چەتەیی و مافیاکانی حیزب دەگرێ، سەدان نووسەری حیزبیی و دەروێشی حیزبیی و قەڵەمفرۆش بەحیزب پەیدا دەبێ .

---

1 Gunter Michael M, 1992, *The Kurds of Iraq: Tragedy and Hope*, St. Martin’s Press, New York

2 McDowall David, 2000, *A modern History Of The Kurds*, I.B.Tauris , London, NewYork

3 Stansfield Gareth R.V., 2003,*Iraqi Kurdistan -Political development and emergent democracy* , RoutledgeCurzon, Taylor and Francis Group, London and New York.

ئەو سەرکردە قارەمانانەی!! کە نووسەرانی حیزب، خیانەتەکانیشیان کردوون بە ئەفسانەو دەرخواردی گەلی کوردی دەدەنەوە، وێنەی راستەقینەیان لە لای نووسەرانی رۆژئاوایە کە دیارە کەمترین نووسینیشیان لەسەر کورد نووسیوە. نەک لەلای ئەو نووسەرە دەربارو ماستاوچیی و قەڵەمفرۆشانەی حیزب ، بەوشکەکەڵەکی شاکارەکانی سەرۆکەکانماندا هەڵدەدەن. بەڕاستیی بۆ گلەیی لە دەوڵەتانی داگیرکار و هێزە کۆلۆنیالیستە جیهانییەکان بکەین؟، ئاخر بەشێکی زۆری خەتای خۆمانە، خەتای پاشەڵی سەرکردەکانمانە کە پەنجا میلیۆن کورد بێ دەوڵەتە . خەتای خۆمانە هێشتا سەرکردەکانی خێڵ دەپەرستین .

بێسەروشوێنکردنی د.کەمال قادر ، هێرشە بۆ سەر ئازادیی و کەرامەتی هەموو مرۆڤێکی کورد، دەست درێژییکردنە بۆ سەر مافە سیڤیلیی و سیاسییەکان ، زمان بڕینی هەموو ئەوانەیە کە رەخنە لەدەسەڵات دەگرن ، ئەتکردنی هەموو ئەو کەسانەیە کە بەنیازن بەگژ دەسەڵاتی کوردییدا بچنەوە . کوشتنی هەموو ئەو کەسانەیە، کە دەسەڵاتی حیزب ناتوانێ بیانکڕێت . تێرۆرکردنی هەموو دەنگێکی دلێرە کە لەبەرامبەر دەسەڵاتدا بە "نا " دەشیرێنێت . بڕینەوەی قاچی هەموو ئەوانەیە کە هێڵی سوور ی پیرۆزییەکانی خێڵ دەبەزێنن .

بەداخیشەوە ، هەندێ کەس و لایەن لەژێر ناوی سەربەخۆیی و بێلایەنییدا ، پاساو بۆ پاراستن دەهێننەوە بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ داکۆکیی لە هەڵوێستی رەشبگیریی پاراستن دەکەن . هاوکات د.کەمال بە جنێوفرۆش لەقەڵەمدەدەن و شانازیی بە یاساکانی بەعس و کولتووری بەعسەوە دەکەن کە لەکوردستاندا کاری پێدەکرێ ، گوایە کوردستان یاسایەکی هەیە ، بەگوێرەی ئەو یاسایە کەسانی جنێوفرۆش ئەگەر دەروونی ناساغ بوو ئەوا یاساکەی بەعس نایگرێتەوە!!. ئەمە لەژێر هەر بیانوویەکدا بێت خزمەتکردنە بە دەسەڵاتی خەڵک ڕفاندن و بەیاساییکردنی بێسەروشوێنکردنی نووسەران و رەخنەگران. ئەمە پاساوە بۆ کولتووری بەعس و کولتووری سەرنگوومکردن لەلایەن حیزبی دەسەلاتدارەوە .

مەترسیی ئەم بۆچوونە لەوەدایە، پارتیی لە بەر کۆمەڵێ هۆکار نابێت ، دکتۆر کەمال سەید قادر بکوژێ. بەلام بەپێی کولتووری خێڵ و هۆز دەبێ سزای تاوانەکانی وەربگرێت کە مەگەر هەر پاراستن بزانێ چیی لێدەکرێ . قورقۆشمی تواوە دەکەن بەگەروویدا، ئەتکی دەکەن، سیناریۆی پێ دەردەکەن و دەیهێننە سەر سێتلایتی حیزب و TV ی حیزب!، ئەوە مەگەر هەر حیزب بزانێ !. جا وێناکردنی دکتۆرێکی یاسایی بەو شێوەیەی کە کەسێکی نەخۆشە ، گومانی زۆر خراپ لەپشت پلانەکانی پاراستنەوە بەدەر دەخات. بەواتایەکی تر پاش ئەتککردن و سووکایەتییکردنێکی زۆر و ئەشکەنجەیەکی زۆر و کۆمەڵێ گەمەی تری جاسووسیی ، ئەوسا لەژێر گوشاردا ئازادی دەکەن، لێرەدا پارتیی دیموکراتی کوردستان و پاراستن ، دەیانەوێ خۆیان لەمەسەلە سەرەکییەکە بدزنەوەو بەخەڵک بڵێن ، ئەو کابرایە دەروونی نەخۆشەو وڕێنەی کردووەو لەباشترین دۆخدا ، پێی دەڵێن پیاوێکی سیخوڕ بووەو دوژمنی حکومەتی هەرێم و دوژمنی کورد بووە ، بەلام لەبەر ئەوەی شێتە ، ئازادمان کرد.

سەرئەنجام ، دکتۆر کەمال قادر، بووە قوربانیی و تاوانبارەکان و فایلڕەشەکان و قارەمانانی شەڕی نێوخۆ و دزە گەورەکانی کوردستان ، لەپەنای یاساکانی بەعسدا ، ئەویان بێسەروشوێن کرد . سەیر لەوەدایە، فایلڕەشانی هەردوو حیزب پێکەوە داوایان لەسەر دکتۆر کەمال قادر بەرزکردووەتەوە، لەکاتێکدا دکتۆر کەمال پێشتر ئەم کارەی کردووەو دادگاو یاسا بەدەنگییەوە نەچووە. پیاوەکانی حیزب ، هەر لەئێستاوە کەوتوونەتە بیانوو دۆزینەوە گوایە، دکتۆر کەمال قادر کێ دەڵێ خۆی نەشاردووەتەوەو بۆ مەبەستێکی سیاسیی خۆی ئەم کارەی نەکردووە. هەمان بڕوبیانووشیان بە ڕێبوار سیوەیلیی گرت ، گوایە خۆی کتێبەکانی سووتاندووە .بە د.فەرهاد پیربالیشیان دەگوت بۆ ناو دەرکردن وا دەکات.

بێ دەنگیی لەبەرامبەر کارێکی سەرەڕۆو چەتەیی وەک ئەوەی لەدژی د.کەمال قادر کراوە، لەخزمەتی دەسەڵاتی سیاسییدا خۆی دەبینێتەوە. بەڕاستیی ئافەرین ئینتەرنێت و ماڵپەڕە کوردییەکان، جا خۆ ئەگەر ئەم تەکنەلۆژیایە نەبووایە، ئەنفالکردنی دکتۆر کەمال ئاو و ئاو دەڕۆیشت . بەویژدانیشەوە "بۆتین" ، بەڕێوەبەری ژووری کوردستان یونایتید شایانی دەستخۆشییەکی زۆرە ، کە گەورەترین کەمپەینی سیاسیی دژی پارتیی دیموکرات و بێسەروشوێنکردنی دکتۆر کەمال قادر بەڕێوەبرد. هەر ئێستا دکتۆر کەمال قادر لە شوێنکدایە، 35 ساڵ پسپۆریی حیزبی بەعس لە ئەشکەنجەداندا ، بە 35 کاژێر دەکرێ بەگەروویدا بەشێوازی خۆماڵیی، بۆیە دەنگ هەڵبڕین بۆ ئازادکردنی ، ئەرکێکی سیاسیی و مۆراڵیی و مرۆییەو لە ئەستۆی هەموومانە .